# بووش عێراقێکی فیدراڵی ڕەت دەکاتەوە

**ڕۆژی گەل**



دوای ئەوەی سەرکۆماری ئەمریکا لە دیمانەیەکی خۆیدا نیگەرانی سەبارەت بە عێراقێکی فیدراڵی پێشاندا و دیاریکرد کە ئەو لەگەڵ ئەوەدانیە کە عێراق بکرێتە چەند هەرێمێکی فیدراڵی، نیگەرانی لەنێو کوردو بەشێک لەشیعەکان سەری هەڵدا. ڕاستیەکەی ئەوانەی زۆر بە سیاسەتی کابینەی سەرۆک بووشەوە سەرسامن بەو لێدوانەی بووش هەناسە ساردن و پێیانوایە کە ئەمریکا سیاسەتی خۆی سەبارەت بە عێراق گۆڕیوەو بایداوەتەوە، لەو پێوەندیەدا ڕێزدار فوئاد مەعسوم سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان وەک کاردانەوەیەک بۆ لێدوانەکەی بووش، گوتی : ( لیستی هاوپەیمانیی کوردستان سوورە لەسەر پابەندبوون بەو ماددەیەی کە باس لەچەسپاندنی فیدراڵی دەکات لەبەر ئەوەی عیراق وڵاتێکی دیموکراتی فرەیی نوێنەرایەتیە ) . لە لایەکی دیکەشەوە سوننەکان خۆشحاڵی خۆیان بۆ لێدوانەکەی بووش دەربڕی و وایان پێشاندا کە خواستی ئەوان سەری گرتووەو ئیتر ئەمریکا و هاوپەیمانانی بیر لە عێراقێکی فیدراڵی ناکەنەوە.

هەر لە پێوەندی ئەو لێدوانەی جۆرج دەبلیو بووش دا چاودێرانی سیاسی بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدا و وایان لێکدایەوە کە هەرەس و پشووتەنگی بە قسەکانیەوە دیارن و ترسی بەزین و دۆڕان لێی نزیک بۆتەوە. جۆرج بووش ئەگەرچی سەرکۆماری بەهێزترین وڵاتی جیهانە، بەڵام بە ڕاڕاترین سەرکۆمار پێوانە دەکرێ و بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە ڕێز لە قسەکانی خۆیدا ناگرێ. ئەو بەردەوام دووپاتی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە سەردەکەوێ و عێراق دەکاتە باشترین نموونەی دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەرنامەی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی گەورەی لە بەرنامەدایەو تا ئەو ئەرکە بۆ مرۆڤەکانی کیشوەری ئاسیا فەراهەم نەکات، هێزەکانی خۆی لە ناوچەکە ناکێشێتەوە. ئەو زۆر شێلگیرانە پەنجەی ڕادەوەشاند و هەڕەشەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سوریا و کۆماری ئیسلامی ئێران و حزبی کۆمۆنیستی کۆریای باکوری دەکرد، کەچی ئێستا ئاواتەخوازە سوریا و ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی عێراق هاوکاری لەگەڵ ئەمریکادا بکەن. جۆرج بووش جاران بێباکانە دووپاتی دەکردەوە و دەیگوت: تا هەڕەشەکانی تیرۆر لە جیهان مابێ، هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفگانستان دەمێننەوە، شەڕی دژ بە تیرۆریستان درێژە پێدەدەن و سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن، کەچی ئێستا سوپاسی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە کە هەوڵی دانوستاندن لەنێوان گروپە چەکدارەکانی عێراق ( ئەوانەی کە ئەو بە تیرۆریست ناوی دەبردن) و حکومەتی ئەمریکا دەدەن، دەکات. هەروەها ڕەوشی ئێستای عێراق بە ڤێتنام بەراورد دەکات و پێیوایە کە زۆر لە یەکترییەوە نزیک بوونەتەوە .

کێرڤی جۆرج دەبلیو بووش لە نێوەخۆی وڵاتەکەشیدا بەرەو نزم بوونەوە دەچێ، حزبی دیموکراتی( نەیار) ڕوو لە باڵاکردن و هەڵکشاندایە، شکان و بەزینی حزبی کۆماری بە سیاسەتەکانی بووش بەستراوەتەوە، ئەمەش وا دەخوازێ کە حزبی کۆماری چاو بەسیاسەتەکانی خۆی دا بخشێنێتەوە .

لێدوانەکەی بووش سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی عێراقێکی فیدراڵی وا لێکدراوەتەوە کە جۆرج دەبلیو بووش لەگەڵ یەکێتی خاکی عێراق و عێراقێکی یەکگرتوو دایە، بەڵام دەکرێ لێکدانەوەی پێچەوانەشی بۆ بکرێ، بووش دەزانێ عێراقێکی یەکگرتوو لە مەحاڵ دەچێ و گەلانی عێراق دەستبەرداری خواست و مافەکانی خۆیان نابن. پێداگرتنی گەلان و پێکهاتەکانی عێراق لەسەر ماف و خواستەکانی خۆیان جگە لە هەڵوەشانەوە هیچ ڕێگەیەکی دیکە ناهێڵێتەوە. تەنانەت ئەو کۆمیتانەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ خۆی پێکی هێنابوون تا سەبارەت بە ڕەوشی عێراق و داهاتووەکەی بەدواداچوون بکەن، دروستکردنی سێ دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر کەلاکی عێراقیان بە باشترین چارەسەر پێشاندابوو. ئێستا زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی پێشنیاری دەربازبوونی ئەمریکا لە گێژاوی عێراق بە دروستکردنی سێ دەوڵەتی سەربەخۆ دەبەستنەوە. ئەوان پێیانوایە کە دەبێ ئەمریکا بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، شیعستانێکی سەربەخۆ و عێراقێکی سوننی سەربەخۆ کار بکات، ئەمەش بە نزیکترین و لەبارترین ڕێگە چارەی گێڕانەوەی ئارامی و هێمنایەتی بۆ هەرێمەکە دەبینن. چاودێران پێیانوایە حکومەتی ئەمریکا بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو ئەگەرە هەیە، بەڵام لەوە دەترسێ کە دەوڵەتێکی ئیسلامی توندڕۆ لە هەرێمی سوننەکان پێکبێ و ببێتە مەترسی بۆسەرهاوپەیمانانی ئەمریکا لە هەرێمەکەدا. هەروەها دروستبوونی شیعستانێکی سەربەخۆش هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی لێدەردەچێ و لەئاکامدا لەگەڵ ئێران و سوریا و لوبنان هاوهەڵوێست دەبێ و هەڕەشە لەسەر داهاتووی ئیسرائیل دروست دەکات. کوردستانی سەربەخۆ تەنیا لەلایەن تورکیاوە کە هاوپەیمانی ئەمریکایە بە مەترسی لێکدەدرێتەوە، بەڵام دەربازبوونی ئەمریکا لە گێژاوی عێراق ئەو ئەگەرانە لەژێر پێ دەنێ و سەرەنجام سەرکەوتنی ئەمریکا و دەربازبوون بە کەمترین زیان کێشەکە دەبێتە دوایین ئامانجی ئەمریکا.

# خەلیلزاد لەگەڵ سەرۆک کۆدەبێتەوە

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**



ڕۆژی ٢٥-١٠-٢٠٠٦ لە هاوینەهەواری دووکان کۆبوونەوەیەکی سێ قوڵی لەنێوان سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک بارزانی و زالمای خەلیلزادی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق بەڕێوەچوو. ڕاگەیاندنەکان بەکورتی ئاماژەیان بە ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوەیەداو ڕایانگەیاند کە ( گفتوگۆ لەبارەی ئەو پلانە نوێیەی ئەمریکاوە کراوە کە ڕۆژی پێشتر لەلایەن خەلیلزاد و جۆرج کەیسی فەرماندەی هێزەفرەڕەگەزەکانەوە ڕاگەیەندرا بوو، لەکۆبوونەوەکەدا هەوڵدرا ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ نەهێشتنی تیرۆریستان لەعیراقدا بدۆزرێتەوە و کۆتایی بەو ئاڵۆزییە ئەمنییە بهێنرێ). بێگومان لەو کۆبوونەوەیەدا تەنیا ئەو چەند دێڕە باس نەکراوە ،دەنا دەکرا بە تەلەفۆن ئەو قسانە بکرێن ، بەڵام جێگەی داخە تاوەکو ئێستا سەرکردایەتی کورد ڕانەهاتووە زانیاریەکان بە ڕاگەیاندن بدات. شاردنەوەی زانیاریەکان واتای بێبەشکردنی خەڵک لە مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریەکان دەگەیەنێ کە مافێکی ڕەوای هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە بەتایبەتی لە وڵاتێک دا کە باس لە دیموکراسی و ئازادی ڕۆژنامەوانی بکرێ.

خەلیلزاد تازە لە ئەمریکا گەڕابۆوە ،دەکرێ بڵێین کە پەیامی نوێی حکومەتی واشنتۆنی پێبووە و سەرکۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لێئاگادار کردۆتەوە . ئەو پەیامەش خۆی لە دوایین هەڵوێستی ئەمریکا بەرانبەر بە ڕەوشی عێراق و چۆنیەتی هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە گێژاوی عێراق دەبینێتەوە . لەنێو حکومەتی ئەمریکادا مشتومڕێکی زۆر لە سەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکرێ ، سیاسەتوانان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە باشترین چارەسەر دادەنێن و حکومەتی واشنتۆنیش ئەو کشانەوەیە بە هەرەس و بەزین لێکدەداتەوە و دەیەوێ کشانەوەی هێزەکان لەگەڵ سەرکەوتنێکی کەم وێنەدا ئەنجام بدرێ و بە سوودی سیاسەتەکانی دەرەکی ئەمریکا تەواو بێ .

تاوەکو ئێستا چەندین سیاسەتوانی ناودار پێشنیاری ئەوەیان بۆ حکومەتی واشنتۆن کردووە کە هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی عێراق بکێشێتەوەو بیانبات لە هەرێمی کوردستان جێگیریان بکات . جێگیربوونی هێزەکانی ئەمریکا لە باشووری کوردستان هەم ئاوڕوو بۆ سیاسەتی واشنتۆن دەگێڕێتەوە هەمیش ڕێگری لەو شەڕە چاوەڕوان کراوە دەگرێ کە شیمانەی ڕوودانی لەنێوان تورکیاو کورد دا هەیە . لەلایەکی دیکەشەوە زۆرێک لە سیاسەتوانانی ئەمریکا هەڵوەشانەوەی عێراق بە باشترین چارەسەر دادەنێن ، حکومەتی واشنتۆن ئەو گریمانەی لێکداوەتەوەو پێیوابووە کە ئاکامێکی ئومێد بەخشی لێبەرهەم نەهاتووە . سەربارى ئەوەش لەو دواییانەدا سەرۆکی ئەمریکا لە ژێر گوشاری وڵاتانی عەرەبی و تورکیا خەریکە نەرمی دەنوێنێ و چاو لە بەرژەوەندییەکانی گەلانی عێراق دەپۆشێ ، ئەمەش گەلی کوردستانی دووچاری نیگەرانی کردووە ، لەوانەیە زالمای بۆ ئەوە لەگەڵ هەردوو سەرۆک کۆبووبێتەوە تا ئەو نیگەرانیە بڕەوێنێتەوە و کرۆکی سیاسەتی حکومەتی واشنتۆنیان بۆ ڕوون بکاتەوە . کەچی هەندێک لە چاودێران پێیانوایە لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە چۆنیەتی ڕێگەگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان تورکیا و کورد کراوە . واتە لە تەوەرێکی کۆبوونەوەکەدا باس لە کێشەی پەکەکە کراوە ، چونکە بەگوێرەی هەواڵەکان لەو دواییانەدا سەرۆک تاڵەبانی چاوی بە بەرپرسانی پایەبەرزی پەکەکە کەوتووە و ڕاشکاوانە پلانی ئەمریکای پێڕاگەیاندوون . ئەمریکا لەو ڕەوشە ناسکەی کە لە ناوچەکەدا تێیدا دەژی ناچارە نەرمی لەبەرانبەر تورکیا بنوێنێ ، چونکە ئەگەر لەو کاتەدا تورکیا لەشکرکێشی بۆ باشووری کوردستان بکات کە بە ئارامترین هەرێمی عێراق دادەنرێ ، ڕەوشەکە ئاڵۆز دەبێ و ئارامی ئەو هەرێمەش دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە . ئێستا لە بەرژەوەندی ئەمریکا دانیە کە ئارامی هەرێمی کوردستان تێکبچێ .

هەروەها دەکرێ لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە ڕەوشی ئاڵۆزی عێراق کرابێ و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بنبڕکردنی تیرۆریستان درابێ ، بەڵام ئایا هێزەکانی باشووری کوردستان ئەو توانایەیان هەیە کە بتوانن تیرۆریستان لە سەرتاپای عێراق بشکێنن و نەیانهێڵن؟!. هێزە فرەڕەگەزەکان بەو توانایەی کە هەیانە ناتوانن شارەکانی بەغداد و بەسرە و موسڵ و کەرکوک کۆنترۆڵ بکەن و توانای ئەوەیان نیە ئارامی بۆ شارەکان بگێڕنەوە ، ئەدی چۆن ئەو ئەرکە بە هێزەکانی باشووری کوردستان دەسپێردرێ !!

ئاکام دەکرێ بڵێین کە کۆبوونەوەی زالمای خەلیلزاد لەگەڵ سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک بارزانی کۆمەڵێک هێمای شاراوەی لە خۆی لوول داوەو بە ئاسانی ڕوون ناکرێنەوە . هیواخوازین لەمەودوا سەرکردایەتی کورد چاو لە سەرکردەی وڵاتان بکەن و ناوەڕۆکی کۆبوونەوە داخراوەکان بۆ ڕۆژنامەوان بگێڕنەوە و خەڵکی لێ ئاگادار بکەنەوە .

Hashm_abdulla@hotmail.com

# بە بەرنامە ڕەوشی کەرکوک ئاڵۆز دەکەن

**ئاکۆ مەجید**

دوژمنانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو چاویان لە کەرکوک بڕیووەو هەوڵیان داوە مۆرکی ڕەسەنی کوردستانیبوونی لێبسێننەوە . مخابن ئێستا لەبەر لاوازی گوتاری هێزە دەستەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەوشی کەرکوک ئاڵۆزتر دەکرێ و کۆسپەکانی بەردەم بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی ئەو شارە گەورەتر دەکرێنەوە .

هۆزەکانی عەرەب دوای دووەمین شەڕی جیهانیەوە بە پاڵپشتی ڕژێمی پادشاییەوە بەرەو پارێزگاری کەرکوک کۆچیان کردو هاتن تێیدا نیشتەجێ بوون کەچی ئێستا کەڵلەڕەقانە پێ لەسەر عەرەبستانێتی کەرکوک دادەگرن و ڕاشکاوانە هەڕەشە لەچارەنووسی ئەو شارە دەکەن. تورکمانەکانیش بەهۆی شاڵاوی شەڕو داگیرکاریەکانی تەتەرو مەغۆل و ئۆزبەگەکانەوە لە سەدەکانی ڕابردوودا هاتوون و لە بەشێکی ئەو شارەدا جێگەیان کراوەتەوە نەک هەر کەرکوک بە هی خۆیان دەزانن بەڵکو سەرکردەکانی بەرەی تورکمانی بۆ زیاتر ئاڵۆزکردنی ڕەوشی پارێزگای کەرکوک هەڕەشە لە کورد دەکەن و ڕاشکاوانە کار بۆ ئەوە دەکەن کە ڕاپرسی ئەنجام نەدرێ و کەرکوک وەک بەشێکی دانەبڕاوی هەرێمی عێراقی عەرەبی بمێنێتەوە .

دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکی بە هاوکاری پۆلیسی شارەکە هەڵمەتی کلیلی ئارامیان لە کەرکوک بەڕێوەبرد و دەیان تیرۆریست و ئاژاوەگێڕیان دەستگیرکرد ، تیرۆریستان نەیانهێشت کلیلی ئەو ئارامیە دەرگەی شارەکە بکاتەوە ، هەرزوو چەند کردەوەی تیرۆریستی و تەقینەوەیان لە شارەکە ئەنجام دا و ئارامی شارەکەیان شێواندەوە و شەقامەکانیان بە خوێنی خەڵکی سڤیل سوور کردەوە . ئێستاش ئەوەتا جارێکی دیکە عەرەبە ڕەگەزپەرست و سەرکردەکانی بەرەی تورکمانی هەڵمەتێکی چەواشەکارییان دەست پێکردووەو وا بڵاو دەکەنەوە کە کورد هەوڵی وێرانکردنی کەرکوک دەدات.

کوردستانیبوونی کەرکوک وەکو مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە و ناسنامەی خۆی دووپات دەکاتەوە ، کورد ئارامی شارەکەی گەرەکە و هەوڵی چەسپاندنی ئاسایش و هێمنایەتی دەدات ، کەچی ئەوانی دیکە ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکەن . ئەگەر کەرکوک شارێکی عەرەبی بوایە هەرگیز ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی بەغداد هەوڵی بەعەرەبکردنیان نەدەدا و بە زۆرەکی کوردیان کۆچ پێنەدەکردو ڕایان نەدەگواستن . دەرکردنی کورد لە پارێزگای کەرکوک بەڵگەی حاشاهەڵنەگری کوردستانبوونیەتی دەردەخات .

ئێستا لە کاتێکدا هێزە ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب و سەرانی بەرەی تورکمانی بەهەموو شێوەیەک هەوڵی شێواندن و ئاڵۆزکردنی ڕەوشی پارێزگای کەرکوک دەدەن ،کەچی هەڵمەتێکی چەواشەکاری لەبەرانبەر ڕای گشتی جیهان بەڕێوەدەبەن و هات و هاوار دەکەن و داوا دەکەن جیهان فریایان بکەوێ و لە ستەمی کوردان ڕزگاریان بکات. ئەگەر ڕێژەی عەرەب و تورکمان لە ڕێژەی کورد زیاترە ئەدی بۆچی هات و هاوار دەکەن و فرمێسکی تیمساحاوی هەڵدەڕێژن؟! ئەگەر ئەوان زۆرینەن بۆ لە ئاکامی ڕاپرسی دەترسن ؟!

لەم ڕۆژانەی دواییدا زانرا کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بەبێ ئاگاداری لایەنەکان و بە بێ پرسی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکوک ، ئەنوەر بەیرەقداری نوێنەری بەرەی تورکمانی بۆ لیژنەکە زیاد کردووە . کورد بەو کارە نارازییە و بە پیلانێکی دارێژراوی دادەنێ، کەچی عەرەب و تورکمانەکان هەڕەشەی بایکۆتی ڕیفراندۆم دەکەن و داوا دەکەن ئەگەر ئاسایی کردنەوەی شارەکە بە ئارەزووی ئەوان نەبێ ، واتە ئەگەر عەرەبە هاوردەکان نەمێننەوە و کوردە ڕاگوێزراوەکانیش بۆ شوێنی باپیرانیان بگەڕێنەوە ، ئەوە ئەوان گۆبەند دەنێنەوە !!

عاسف سرت تورکمان نوێنەری بەرەی وتورکمانی لە لەندەن بە پێگەی ئێلافی عەرەبی ڕاگەیاندووە کە ئەوان نوێنەرایەتی نەتەوەی تورکمان دەکەن و نەبوونی ئەوان لە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکوک پەراوێزکردنی تورکمان دەگەیەنێ و بەرەی تورکمانی ئەوە پەسند ناکات .ئەمەش بەو واتایەیە کە ئەوان ڕەوشی کەرکوک ئاڵۆزتر دەکەن و بەرنامەی تایبەتیان بۆ ئاڵۆزکردنی ڕەوشی کەرکوک لە بەردەست دایە .

عاسف سرت تورکمان بانگەشەی ئەوە دەکات کە کەرکوک شارێکی تورکمانیە و بەرەی تورکمانیش نوێنەری نەتەوەی تورکمانە لە عێراق. ئەوەی ئاگای لە کاودانی عێراق نەبێ و نەزانێ بەرەی تورکمانی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق چەند هەزار دەنگی هێناوەو چەند نوێنەری لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق دا هەیە ، وا دەزانێ کە دەیان ملیۆن تورکمان لە عێراق دەژین و بەرەی تورکمانیش لە هەڵبژاردنەکاندا بە ملیۆنان دەنگی هێناوەو سەدان نوێنەریان لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە !

ئەمڕۆ ڕاشکاوانە هەست بەوە دەکرێ ئەگەر ڕەوشەکە ئاسایی بکرێتەوە و ڕیفراندۆمێکی بێگەرد بەڕێوەبچێ کورد براوەی کەرکوک دەبێ، بۆیە سەرانی بەرەی تورکمانی بۆ سەرخستنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی تورکیا بەرنامەی ئاڵۆزکردنی ڕەوشی کەرکوک بەڕێوەدەبەن . کاربەدەستە ڕەگەزپەرستەکانی کابینەی مالیکیش لە ژێرەوە هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی دەدەن و دەیانەوێ سیاسەتی بەعەرەبکردن کە ڕژێمی فاشی بەعس پێڕەوی کردبوو ، بە دیفاکتۆی بکەن ، بۆیە پێویستە کورد بە وریایی و بوێریەوە ڕەفتار لەگەڵ کێشەی کەرکوکدا بکات ، نەشان نزمی بۆ ئەوانی دیکە بکات و نە هەوڵی خۆسەپادنی زۆرەکیش بدات . بەڵگە مێژووییەکان کوردستانبوونی کەرکوک سەرڕاست دەکەنەوە ، ڕێژەی زۆری کوردیش لەو پارێزگایەدا گرەنتی سەرکەوتنی ڕیفراندۆمەکە دەگەیەنێ ، بوێری و یەکهەڵوێستی کوردیش پیلانەکانی دوژمنان دژ بەچارەنووسی کەرکوک پوچەڵ دەکەنەوە .